**دەربارەی Respect**

دەزگای خانووبەرەی Circle Anglia (**سێرکڵ ئەنگلیا**) لە بەرنامەی Respectی دەوڵەتییدا بەشدارە، کە ئامانجی بەرنامەکە بریتیە لە بەرەنگاربوونەوە لە بەرامبەر ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ. ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ زۆر شتی جیاواز دەگرێتەوە، هەر لە دەنگەدەنگ و بێزارکردن هەتا ڕووداوی توندوتیژیی و هەڕەشەکردن و ترساندن.

ئەم ماڵپەڕە پشتگیریی و ئامۆژگاریی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ لە ناوچەکەتدا، دابین دەکات. ماڵپەڕەکە زانیاریی جۆراوجۆری تێدایە، لەوانە زانیارییەکانی پەیوەندیکردن بە دەزگا و ڕێکخراوە جیاوازەکانی پشتگیریی، زانیاریی دەربارەی چۆنیەتی بوون بە ڕێنیشاندەر لەگەڵ **تۆڕی پشتگیریی هاوکار** (Peer Support Network)ی ئێمە و، بەستەرێک بە ماڵپەڕی Respectی دەوڵەتیی و، بەستەری تر بە چەندین ماڵپەڕی بەسوودی ترەوە.

بۆ ئەوەی دەزگای خاوەنماڵت سەبارەت بە ڕەفتاری دژ بە کۆمەڵ ئاگادار بکەیتەوە، تکایە تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارانەی خوارەوە بکە:

- **Circle 33 Housing Trust** (**دەزگای خانووبەرەی سێرکڵ** 33): **0845 769 7695**
- **Wherry Housing Association** (**دەزگای خانووبەرەی وێریی**): **0845 600 1518**
- **South Anglia Housing** (**دەزگای خانووبەرەی ساوس ئەنگلیا**): **01279 714 706**
- **Old Ford Housing Association** (**دەزگای خانووبەرەی ئۆڵد فۆرد**): **020 7204 1500**

ئەگەر دەتەوێت هەر بەشێکی ئەم ماڵپەڕە بە هەر زمانێکی وەرگێڕدراوی تر یان بە هەر شێوازێکی تر دابین بکرێت، تکایە پەیوەندی بە تیمی Marketing and Communication (مارکێتین و پەیوەندیبەستن) بکە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی **020 7288 4000**، یاخود بە نامە لەسەر ئەدرەسی:

**Circle Anglia**
Marketing & Communications
1-7 Corsica Street
London
N5 1JG